ئەگەر (الحمد لله -سورەتی الفاتحة-)تان خوێند، ﷽بسم الله الرحمن الرحيم بخوێنن، چونکە (ئوم ئەلقورئانە:أم القرآن)، و(ئوم ئەلکیتابە:أم الکتاب) و(ئەلسەبع ئەلمەسانیە:السبع المثاني)یە، و ﷽بسم الله الرحمن الرحيم یەکێکە لەو ئایەتانە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر (الحمد لله -سورەتی الفاتحة-)تان خوێند، ﷽بسم الله الرحمن الرحيم بخوێنن، چونکە (ئوم ئەلقورئانە:أم القرآن)*، و(ئوم ئەلکیتابە:أم الکتاب)** و(ئەلسەبع ئەلمەسانیە:السبع المثاني)^یە، و ﷽بسم الله الرحمن الرحيم یەکێکە لەو ئایەتانە». *(واتە: دایکی قورئان)، **(واتە: دایکی کتێب -کتێب مەبەست قورئانە-)، (^واتە: ئەو حەوت ئایەتە کە زۆر دەخوێندرێتەوە ودووبارە دەکرێتەوە

[صەحیحە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە جائیزبوون وڕێگەپێدراوی خوێندنی ﷽بسم الله الرحمن الرحيم ڕوونەکاتەوە لە پێش خوێندنی سورەتی -الفاتحة- لە کاتی نوێژدا، وهۆکارەکەیشی بۆ ئەوە باسکرد چونکە بەشێکە لە سورەتی -الفاتحة-، ومەبەست خوێندنێتی بە نهێنی نەوەک بە ئاشکرا، نە خوێندنی بە ئاشکرا لە زۆر فەرموودەی سەحیحی تردا هاتووە، ئیمامی تەحاوی دەڵێت: وازهێنان لە خوێندنی ﷽بسم الله الرحمن الرحيم بە ئاشکرایی لە نوێژدا بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ -تواتر- گێڕانەوەی لەسەر هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵان ئەنجامیانداوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10913